کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

16-6-2007 13:26 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## به ئامادەبوونی باڵوێزی سوید و چەند وەزیرێکی کورد، ڕێکخراوی تۆڕ له کوردستان راگەیندرا

له دیدارێکی تایبەت به دامەزراندنی ڕێکخراوی تۆڕ نزیکەی سەد کەس کۆبوونەوە، ڕێکخراوی تۆڕ کۆمەڵەیەکە بۆ کۆکردەوەی کەسانی خاوەن پەیوەندی به کوردستان و سوێدەوە.

لەم دیدارەدا وێڕای تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و تەحسین قادر عەلی وەزیری دەرامەتە ئاوییەکان و مەحمود عیدۆ وەزیری هەرێم و نیکلاس تروڤێ بالوێزی سوێد له عێراق، هەروەها شاندێکی بازرگانی و پیشەسازی سوێدی که بریتی بوو له نوێنەرانی کۆمپانیاناودارەکانی وەك ABB ئێرکسۆن و چەندین کۆمپانیای دیکە، جگە له دۆستانی سوێدی دەیان بازرگان و سەرمایەداری کوردستانیش بەشداری ئەم دیدارە بوون.
سەرەتای دیدارەکە بالوێزی سوێد گرنگی ئەم ڕێکخراوەی روونکردەوە، تێدا گوتی کوردەکان لە سوێد زۆر ڕێکخراوی باش بەڕێوە دەبن هیوادراین ئەم ڕێکخراوە لە کوردستانیش کارێکی باش بکات، هەوڵ دەدەین هاوکاری بەردەوامیان بکەین بۆ ئەوەی کارەکانیان بە باشی بەڕێوە بچێت. تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی میوانی کرد، لە وتەیەکدا گرنگی ئەم ڕێکخراوەی بۆ ئامادەبووان روونکردەوە، هەروەها رۆڵی گرنگی وڵاتی سوێدی بەرامبەری گەلی کوردی دووبارە کردەوە، بەرواری گوتی (وڵاتی سوێد بە نیازە هاوکاری کوردستان بکات لە رووی پێشخستنی بازرگانییەوە)، و هیوای خواست کە ئەم ڕێکخراوە بتوانێ کاری باش بکات. لە کۆتاییدا دەستەیەکی سەرۆکایەتی کاتی بۆ ڕێکخراوەکە دامەزرا کە لەم بەڕێزانە پێك هاتبوو: ئاراس وەلی، بیستان تەحسین، ڤیان یوسف، عیرفان زەنگەنە و فەخریە گەلانار.



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.